کلیلەکانی غەیب پێنجن

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کلیلەکانی غەیب پێنجن، {إِنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنْزِلُ الغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الأَرْحَامِ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَدًا وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ} [لقمان:34] واتە: {بەڕاستی تەنها لای خوایە زانیاری (کاتی هاتنی) ڕۆژی دوایی وە هەر خوا باران دەبارێنێت تەنها خوا دەزانێ بەوەی لە منداڵدانی (دایکان) دایە وە هیچ کەس نازانێ سبەینێ (لە داهاتوودا) چی دەکات وە هیچ کەس نازانێت لە چ شوێن و زەویەکدا دەمرێت بەڕاستی خوا زانا و ئاگادارە}».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

غەیب (شتە شاراوەکان) لە لای اللە یە و کەس سەبارەتیان نازانێت جگە لە ئەو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵیداوە کە کلیل و گەنجینەکانی غەیب پێنجن: یەکەم: کەس نازانێت کەی قیامەت هەڵدەستێت جگە لە خودا، ئەمە ئاماژەیە بۆ زانستەکانی دواڕۆژ، چونکە ڕۆژی قیامەت سەرەتایەتی، و کاتێک زانست نەبێت سەبارەت بە نزیکترین؛ ئەوا بەهەمان شێوە زانستیش نابێت سەبارەت بە ئەوەی لە دوای دێت. دووەم: کەس نازانێت کەی باران دەبارێت جگە لە خودا، ئەمە ئاماژەیە بۆ کاروباری جیهانی سەرەوە، و بە تایبەت باسی باران کراوە هەرچەندە هەندێك هۆکار و نیشانە هەن کە ئاماژەن بۆ ڕوودانی؛ بەڵام دڵنیایی و یەکلایەنی لەمەدا نییە. سێیەم: ئەوەی لە منداڵدانەکاندایە؛ لە نێر یان مێ، ڕەش یان سپی، تەواو یان کەم ئەندام، بەدبەخت یان بەختەوەر و شتی تر، بە تایبەت باسی منداڵدان کراوە چونکە زۆر کەس بە بەپێی خوو و نەریت سەبارەتی دەزانن، لەگەڵ ئەمەیشدا نکۆڵی کردووە لەوەی هیچ کەسێك سەبارەت بە ڕاستی و هەقیقەتەکەی بزانێت، بۆیە شتی تر لە پێشترە کە زانست سەبارەتیان نەبێت. چوارەم: کەس نازانێت سبەی چی ڕوودەدات جگە لە خودا، ئەمە ئاماژەیە بۆ جۆرەکانی سەردەمەکان و ئەو ڕووداوانەی تێیاندا ڕوودەدەن، بە وشەی (سبەی) دەربڕدراوە بۆئەوەی هەقیقەتی هاتنە دی؛ نزیکترین کات بێت، هەرچەندە نزیکە؛ هەقیقەتی ئەوەی تێیدا ڕوودەدات نازانرێت، لەگەڵ ئەگەری بوونی نیشانە و ئاماژەیش، بۆیە ئەوەی لە پاش سبەی دێت لەپێشترە کە زانست نەبێت سەبارەتی. پێنجەم: هیچ کەسێك نازانێت لە چ خاکێکدا دەمرێت، ئەمە ئاماژەیە بۆ کاروباری جیهانی خوارەوە، هەرچەندە نەریتی زۆربەی خەڵک ئەوەیە کە لە وڵاتی خۆیاندا دەمرن، بەڵام ئەمە هەقیقەت نییە، بەڵکو ئەگەر لە وڵاتی خۆیشیدا بمرێت؛ نازانێت لە کام پارچە زەوییەدا دەنێژرێت، تەنانەت ئەگەر گۆڕستانی باوباپیرانیشی بێت، {إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ} واتە: {بەڕاستی خودا زانا و شارەزایە}، زانستی اللە هەموو دیار و نادیار، و نهێنی و شاراوەکان دەگرێتەوە، بۆیە ئایەتەکە هەموو جۆرەکانی غەیبی لەخۆگرتووە، و هەموو بانگەشە پوچەڵەکانی هەڵوەشاندووەتەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65303